DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.355

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# به بازاڕکردن له هونەری شێوەکارییی دا

م.د. ئاوات سعید فتاح

awat.fatah@univsul.edu.iq

م.د. شیروان علی حمەخان

shirwan.hamexan@univsul.edu.iq

گرافیك دیزاین- هونەرەجوانەکان-زانکۆی سلێمانی-هەرێمی کوردستانی/عیراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بەسەرکردنەوەیەکی زانستییانەیە لە بابەتی بە بازاڕکردن لە بواری هونەری شێوەیی دا و ئاڵوگۆڕکردنی ئەم پرسە بە نێوەندە کلتووریی و ڕۆشنبیریەکانەوە، لە پەیوەندیەکی دوالیزمی پێکبەستوودا، بە ئامانجی گەیشتن بە بیرۆکەی نوێ و کاریگەر لە پێناسەی «بە بینەرکردنەوەی کاری هونەریی لە کات و زەمەن و سنووری جیاواز»دا. لایەنێکی تری توێژنەوەکە بۆ باسکردنە لە تاوگەی مێژوویی و هزری فەلسەفیی بە بازاڕکردن، لە دامێنی شۆڕبوونەوە قۆناغکارییەکانی بیری کۆن و نوێ و هاوچەرخدا، بە مەبەستی بەسداریی هونەرمەند خۆی لە ڕێی دەرخستنی توناکانیەوە لە سەرنجڕاکێشی کریاڕ و بینەری کارەکانیدا. لە گۆشەیەکی تردا توێژینەوەکە بابەتی پروپاگەندە وەك بەهایەکی ستراتیجیی و ئابووریی بۆ بە بازاڕکردنی کاری هونەریی ئەخاتە بۆتەی شیکاریی و ڕاڤەکاریی زانستییی ڕەخنەییەوە و هەڵێنجاندنی ئاماژەی گرنگ و پێویستی تێدا دەرئەخات و، لەهەمان کاتدا تیشك ئەخاتە سەر کردەی بە بازاڕکردن وەك هێزێکی کار لە هونەری شێوەکارییدا. لە چوارچێوەیەی وتاری بەباسکردن لە دامەزراوەی باوهاوس و گرنگیی لە بازاری کاری هونەری شێوەکارییدا، تەوەرێکی تری توێژینەوەکە گوتاری بە بازاڕکردنە لە هێزی کاری فێرخوازان و هونەرمەدانی شێوەکارییدا و، خوێندنەوە تێفکرینی بە بە بازاڕکردن و گرنگی بەکاربردن لە بەخششی کۆمەڵگەی مۆدێرنە و پاشمۆدێرنەدا. لە ڕووی لایەنی بەدەستخستنی زانیاریی گریمانەییدا، توێژینەوەکە ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی تیادا فەراهەم کراوە و، لە کۆتاییدا بە زانیاریی ئەنجامی توێژینەوەکە دەسنیشانکراوە، بەمەبەستی گەیشتن بە ڕۆشنکردنی ئەو پرسیارانەی لە کێشەی توێژینەوەکەوە دەرهاویشتەی بابەتی سەرەکیی بوونەتەوە .

**کلییلە ووشەکان: به بازاڕکردن، بەبینەرکردن، سیاسەتی کلتووریی، گەلەریی، دامەزراوە هونەرییەکان.**

Recieved: 15/3/2024
Accepted: 19/4/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

سەردەمی نێودەوڵەتیبوونی ئێستا، رۆڵێکی زیاتر ئەگێڕێت لە توێژینەوەی پەیوەندییکردنی بە بازاڕکردندا، بە تایبەتی لە رێگەی تەکنیکە قەناعەتپێکراوە نوێیەکانەوە، بۆ ئەوەی بچنە ناو بازاڕی ناوخۆیی و بیانییەوە لە کاتێکدا پێگەی خاوەن هەونەرەکان وەک سەرکردەیەک لە بازاڕی ناوخۆدا ئەهێڵنەوە. پەیوەندی مارکێتینگ بریتییە لە پەیوەندیی نێوان کۆمپانیا و بەکاربەر کە لە سەروو هەموو رێکارەکانەوە، پێویستیی بە یەکخستنی تەکنییکەکانی قەناعەتپێکردنی ئیتییکیی هەیە. لەم چەند دەیەی دواییدا، شیکردنەوەی تەکنییکە قەناعەتپێکراوەکان زاڵ بووە بەسەر ئەدەبیاتی ئەزموونیی و تیۆرییدا. لە روانگەیەکی نێودەوڵەتییەوە، هونەر لەوانەیە ئامرازێکی گرنگ بێت بۆ قاییلکردن بۆ وڵاتی رەسەن و لەوانەیە سەرچاوەی سوودی پێشبرکێ بێت بۆ پەیوەندییکردنی بازاڕ.

پەیوەندی مارکێتینگ وەک دیاردەیەکی کلتووریی گرنگ لە کۆمەڵگای مۆدێرندا، تەنها بە شێوەیەکی بەرچاو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە لە رووی بەردەوامبوونەوە. هەرچەندە لێکۆڵینەوە هەیە لە ئەدەبیاتی زانستی پەیوەندییدار بە کردارەکانی قەناعەتپێکردنی مۆدێرنەوە، بەڵام چەند توێژینەوەیەکی کەم شیکردنەوەیان لەسەر کێشە ئیتییکییە پەیوەندییدارەکان کردووە. بازاڕکەرەکان پێویستە هەردوو تەکنیکە نەریتیی و مۆدێرنەکانی قەناعەتپێکردن رەچاو بکەن بۆ درووستکردنی بەهای ستراتیژیی.

دیۆن و ئارنۆڵد کاریگەریی یەکخستنی هونەرییان لەگەڵ ستراتیژی پەیوەندییەکانی بازاڕکردن روونکردەوە، لە کاتێکدا ئۆگدن و هاوڕێکانی، مۆسیقایان بەکارهێناوە بۆ باشترکردنی ئەزموونی هەستی بەکاربەران. ئەو لێکۆڵینەوانەی کە شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان بەردەوامبوون و کەلتوور، هونەر، پەیوەندیی بازاڕکردن، قسەکردن، یان قەناعەتپێکردنیان کردووە، بەرژەوەندییەک نیشان ئەدات.

دیار و بەرچاوە کردەی بە بازارکردنی کاری هونەری شێوەکاریی، پێشینەیەکی دێرین ئامێزی بەخۆوە گرتووە، هاوتەریب بە رابردووی بەرهەمهێنانی کاری دەستیی، مرۆڤ هەوڵیداوە بازاڕی ساغکردنەوەی بۆ درووست بکات، لە فرۆشتن و کڕین و ئاڵوگۆڕکردن بۆ بەرهەمی نیگاری رەنگاورەنگ و پەیکەر و کاری گڵجۆشیی و کەرەستەی کانزایی فرەجۆریی و فرەتوخمی لە کارە هونەرییە رازاندنەوەکانیدا، وەك ملوانکە و بازن و مستیلە و قوماش، جل و بەرگ و، کەرەستەی رۆژانە لە تیاخۆر و پێخۆر و کەلوپەلی ناوماڵ ...هتد.

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی زانستیی لێدوانە دەربارەی کاریگەریی هزری بە بازاریکردن لە کایە جودا و فراوانەکانی هونەری شێوەکارییدا، کنە و پشکنینە سەبارەت بە چۆنێتیی خستنەگەڕی توانا و بیرۆکە نوێکان، لە بە بینەرکردنی بەرهەمی هونەری شێوەکاریی و، پەیوەندیگرتن و پێکبەستەیی دامەزراوە کلتووریی و رۆشنبیرییەکان لە پێشخستن و پاڵپشتییکردنی کردەی بە بازارکردن. لە هەمان کاتدا پرسی بە بازڕکردن ، لە پنتە بە هێزەکەی دا پەیوەستە بە رەنگدانەوەی حەزی بینەر یاخود کڕیارەوە، بۆ درێژکردنەوە و بەردەوامییدان بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردن.

لەم نێوەندەشدا، فاکتەری پێشکەوتنی ئابووریی و وەرچەرخانە دواییەکانی بەرەوپێشچوونی ژینگەی شار و شارستانێتیی و ژیانی مۆدێرنی مرۆڤەکانی بە دوای خۆیدا فەراهەم ئەکات، ئەگەرچی لە هەندێ باری پیشکەوتنی تەکنەلۆجییدا، بەهای هونەر و کاری هونەریی لادانی تێداکراوە و کاریگەریی ناباو و نامۆی ئاراستەی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی کردووە ، بەڵام کاریگەرە کۆزانییەکانی تا ئێستا وەك پێویستییەکی رۆحیی و بیناو ئیستاتیکیانە سەیر ئەکرێت وە، جێکەوتەی لەگەڵ بووندا مرۆڤدا نیشان ئەکات. بۆیە ئەم توێژنەوەیە وەك هەوڵێکی نوێی خوێندنەوەی کاری هونەر و پەیوەندیی بە بازاڕی کارەوە، بابەتەکان شیکار ئەکات و، لە هەمان

کاتدا ڕێگەچارە و لەڕووداوەستانوەکان ئەخاتەڕوو، بۆ زیاتر ئاشناکردنی بینەر لە بەراوردکاریی نێوان کاریگەرییەکان و پێویستیەکانی هونەر و بازار و ئاڵوگۆڕییەکانی بۆ گەرمەی ژیانی هاوچەرخەوە.

# بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتیی توێژینەوە

١-١/ کێشەی توێژینەوە:

ئەم توێژنەوەیە هەوڵدانێکە رۆشنکاریی ئەکات لە ئاست ئەو کردانەی هۆکاری بە بازاڕکردن ئەخەنە نێو کاری هونەری شێوەکارییەوە ، کنەوپشکنینێکە بۆ بەها گرنگ و بایەخدارەکانی بە بینەرکردنی بەرهەمی هونەری بیناو بە شێوەیەکی گشتیی. هاوتاش لە بۆتەی هزری دیاردەگەریی نوێ و ئایدیا نوێکانی دوای هزری پۆست مۆدێرنە، گرنگیی بە بازاڕکردن و گواستنەوەی ئەم هزرە دراوە، یاخود کۆششەکە تەنها لە ئاستی تاکی بەرهەمهێن و فرە رەهەندی تێگە جیاوازدا نەماوەتەوە، کە پێیوایە هونەری پاش مۆدێرنە گەمەی کۆنسێپتە و هیچی تر و هزری بە بازاڕکردن کارێکی هەنووکەیی نییە، بەڵکو بە بازاڕکردنەکەی پەیوەستە بە بینەرە بەئاگا و هوشیارەکانیەوە بۆ کارەکە. کێشەکەش لەو پرسیارە جدییەوە ئاراستە ئەگرێ کە ئایا تێمایەك هەیە بۆ بە بازاڕکردنی کاری هونەری شێوەکاریی؟ ئایا لە هێزی کاری شێوەکارییدا هونەرمەند تونای بە بازاڕکردن ئەدۆزێتەوە؟ ئایا پێویستە لە هەموو حاڵەتەکانی پەخشکردنی کاری هونەری شێوەیی، توانایی بە بازاڕکردن و بە بینەرکردنی بەرجەستە بکرێ؟ بۆیە ئەکرێت، لە پەراوێزی ئەم پرسیارانەدا توێژەر بگاتە وەڵامی ئەوەی مەبەستێتی لە گرنگی ئەم چەمکە و پێویستەکانی و لە کردەی باسی ئارگومێنت و چێوەتیۆریی و شیکاری گریمانەکان و، ئەنجام و تارگێتی نشانەکردنی کۆتایی توێژنەوەکەدا، هەڵماڵین بکات لە مەبەست و هێما نادیارەکانی ناو باسەکە.

١-٢/ **گرنگیی** توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە مابەستییەتی گرنگیی لە بارەی ئەو بەها و کردانەوە بخاتەڕوو، کە ئەبن بە ڕێنیشاندەر بۆ بەرهەمهێنانی هەرکارێکی هونەری بیناو کە لەئاماژە سیمانتیکییەکانیدا هێزی بە بازاڕکردن بخرێتەگەڕ.
توێژینەوەکە گرنگە بەوەی کاری هونەری شێوەیی بە بینەر ئەکات، بە شێوەیەکی گریمانەیی لە ساتەوەختی دیاریکراودا ئاست و پەیوەندیەکانی ناوەی درەئەخاتەوە و پەیوەستی ئەکات بە بازاری کارەوە.
گرنگییەکی تر لەم توێژینەوەیەدا، پەیوەندییگرتنی تۆکمە و بەیەکداچووی نێوانی ئاستی ئەپستیمۆلۆجیی بینەر و کاری هونەرییە، لە ئاڵوگۆڕێکی پێکبەستەیی سەرلەبەری نیشانە ئاڵۆز و کۆبنیادەکانی نێوان میدیۆم و ئایدیای هەردوو کایەکە.

١-٣ / ئامانجی توێژنەوە : دەرخستنی بەها و کردەی بە بازاڕکردن لە هونەری شێوەکارییدا.

١-٤/ سنووری توێژینەوە:

سنووری کاتیی : هونەری بیناو ئێستایی ( ٢٠١٠ – ٢٠٢٣) .

سنووری بابەتیی: باسکرنی ئەو بەرهەمانەی لە ئێستای بازاڕی کاردا گرنگن .

سنووری شوێن: پەیوەستە بە بەرهەمی هونەری جیهانیەوە .

١-٥ / پێناسەی زاراوەکان :

١-٥-١: بە بازاڕکردن : پێناسەی زمانەوانیی / : بازاڕ ، ناوە ، تاکە ، بە بازاریکردن واتە بۆی ناردن، بۆی داواکرد، واتە کڕین و فرۆشتن " (الرازی ، ١٩٨٣، ١٥٧) . لە فەرهەنگی زاراوەیی لسان العرب هاتووە کە بە بازارکردن واتە " گواستنەوە و ناردنی شتێکە بۆ بەکاربەرێك ، واتە بەیانکردن و زۆر بینەرکردنی شتێك " (ابن منضور ، ٢٠٠٠ ، ص١٦٨) .

١-٥-٢:بە بازاڕکردن پێناسەی زاراوەیی: لە پێناسەی کۆمەڵەی بە بازاڕکردنی ئەمریکاییدا کەساڵی ٢٠٠٧ دامەزراوە. وا هاتووە: (ئەو چالاکییە رێکخراوەیی و کەسیرانە ئەگرێتەوە کە لەکۆمەڵگەکاندا پێی هەڵئەستن یا لە چوارچێوەی کردەی کۆمەڵێك دامەزراوە و پرۆسەدا، کە بۆ بەبەها کردنی کاڵاکان دێنە کایەوە. (سویدان ، ٢٠١٥ ، ٣٠ص).

(دیجل)* شارەزا لە بە بازارکردنی کاری هونەریی ئەڵێ، پشبەستە بە هونەری مامەڵکردن و دۆزینەوە و سەرنجڕاکێشی بینەرەوە ( کڕیارەوە)، لە پرۆسەیەکی کۆکاری پەیوەندییگرتن و ئاڵوگۆڕیی و پێشکەشکاری گرنگ، بۆ بەهای کاڵا یا بەرهەمی هونەریی، کە کارکرنە لەسەر دۆزینەوەی حەزی کڕیار و سەرنجڕاکێشی بینەر بۆ بەرهەمە هونەرییەکە، بەوەی خودی کاڵا و بەرهەمە هونەرییەکە رەهگەزێکە توانای بەبازاکردنی تێدایە (Diggle, ٢٠٠٤, p11).

١-٥-٣:بە بازاڕکردن پێناسەی رێکاریی: وشەی بە بازاڕکردن لەنێو کۆنتێکستی کردەی هونەری شێوەکارییدا، ئەو بەرهەمە بیزاوانە ئەگرێتەوە، کە رەگەزی توانای بە بازاڕکردنی تێدایە، تارگێت ئەکات لە بەدەستخستنی راکێشانی سەرنجی بینەر و گیرۆدەکردنی حەز و توانا هزرییەکانی بەرامبەر هەر ئۆبجێکتێکی هونەریی، لەلایەن بەرهەمێنەرەوە بە ئەنجامی پەیوەندییگرتن و گەیشتن بە باڵاترین بەهای ماددیی و مەعنەویی بۆ کارەکە.

# بەشی دووەم

## چێوەی تیۆری توێژینەوە

٢-١-١ : چەقگەی مێژوویی و هزری فەلسەفیی بە بازاڕکردن لە هونەریی شێوەکارییدا :

لە بەردەوامیی ئەم توێژینەوەیە و بە گەڕان بەناو رابردووی کردەی بە بازارکردن لە هونەری شێوەکارییدا، دەرکەوتووە: لە سەردەمی دەسەڵاتی مەسیحییەت و لەنێو کڵێساکاندا لەبەرامبەر کاری نیگارکێشانی سەر دیوار و بنمیچ و رووگە جیاوازەکانی نێو کەنیسە و داتاشینی پەیکەری مەسیح و دیمەنی رۆحانیی ئاینزایی مەسیحییەتدا هونەرمەند پارەی وەرگرتوە. (نموونە ١).







(نموونە ١) نموونەی چەند شاکارێکی ئاوێتەبووی بە بازاڕکردن لە هونەری تەلارسازیی و شێوەکاریی

تەنانەت هونەرمەندی هۆڵەندیی: "رامبراند" (١٦٠٦- ١٦٦٩) " یەکەمین هونەرمەندە کە نرخی خستوەتە سەر کەڤاڵەکانی ( العسیری ، عبدللە .٢٠١٧ ، ص.٣ ). لێرەوە گرنگە درك بەوە بکرێت کە هونەری شێوەکاریی وەك هەر کایەکی تری ژیان، بەدەر لەو دەق گرتوویە باوەی پێی وایە؛ هونەرکردن ناواخنە بە لایەنە سۆزیی و ئیستاتیکییەکان، بە پێچەوانەوە ئەکرێ پاڵنەرێکی ئۆبجێکتیکی کارێکی هونەریی، هێزی بە بازاڕکردنی لە هەناویدا هەڵگرتبێ وەك ئەوەی "کۆمەڵێك پێکهاتە، یەکەی دارشتەیی نێو کارێك بێت بە هۆکاری تەلاسییمەبوونی ئاستی چاوەڕوانیی بینەرێك یاخود زیاتر و کاریگەریی بنوێنێ لەسەریان " (معزوز ، ٢٠١١ ، ١٥٠) .

هەموو ئاماژەکانی دونیای پێشکەوتووی شارستانێتیی و مرۆڤایەتیی گەواهیدەری ئەو راستییەن، کە سیاسەتی کلتووریی و هونەریی ئایندەی مرۆڤەکانی داهاتوو نیشان ئەدەن، بۆ نموونە لە ئێستادا زیرەکیی هۆشمەند، کە پەیوەستییەکی راستەوخۆی بەکاری گرافیك دیزایینەوە هەیە، بە یەکێك لە هەژمووندارێتیی ئەو بابەتانەیە کە ژیانی نەوەکانی داهاتووی پێوە رایەڵ ئەکرێ.

ئەتوانرێ بووترێ کە رابردووی کار و بە بازاڕکردنی هونەری بینراوی شێوەکاریی، سەرچاوەکەی بە دامەزراندنی مژدەبەخشی یەکێتی هونەرەکان هاتە کایەوە، وەك ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەدەوری تەلارسازییدا ئەخولایەوە، پاشان سنووری نێوان نیگارکێشان و پەیکەرسازیی و دیزاینی ناوەوە و دەرەوەی لەخۆگرت. (شێوە ٢) .



شێوە (٢) چەند شاکارێکی ئاوێتەبووی بە بازاڕکردن (ناواخن و دەرەوە)

لێرەوە ئەتوانرێ ئەوە بوترێ، کە هزر و کردەی بە بازاڕکردن وەك کایەیەکی بازرگانیی و ئاڵوگۆڕ بۆ کاڵا و بە بینەرکردنی هێندە نوێ نیە، ئەگەر بەراورد بکرێت بەو بار و مێژووە درێژەی کە لەگەڵ بوونی مرۆڤەکاندا هەی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی خاوەندارێتیی و موڵکدارییکردن بۆ شتەکانی دەوروبەری مرۆڤ ئەزەلییە و لەگەڵ بوونی یەکانگیر ئەبێت و لۆجیك و حەز و هەستیش لای مرۆڤەکان وەك ئایدیا فەلسەفییەکانی هزری دێرینی (سۆفستاییەکان)، کە لە بەهای سوودبینین و دەستکەوتەوە ئەیانڕوانیە بڵاوکردنەوەی زانیارییەوە، بۆ

هەستی موڵکدارییکردن کە دواجار لە بابەتە ناڕێکخراوەکانی ئەم هەستەوە ئەگوازرێتەوە بە هەستی موڵکداریی ڕێکخراو بۆ موڵکداریی، لە چوار چێوە یاساییەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵگەدا کە دواجار لە زەمەنی مۆدێرنە و دوای مۆدێرنەشدا بە تایبەت هزری فەلسەفیی( براگماتیی) تەواو ڕوونکردنەوە ئەدات بە هەستی چێژ بەخشیی لە کاری هونەرییدا، لە بەهای پرۆسیسی سوودبینیین و کردەییەکانی ژیانی بینەر، یاخود کڕیار. بێگومان ئەمەش بەپێی حوکمی هۆشیاریی و ئەزموونکاریی بەرهەمهێنەر و بینەر دێتە کایەوە. (العلوان ، فاروق . ٢٠٠٢ ، ص١٨٧)، بۆیە هەنگاوەکانی بە بازاڕکردن و موڵکدارییکردن و ئاڵوگۆڕەکانی نێو ئەم پرۆسێسە گەورەیە، فرە لایەنتر و فرە جەمسەرتر بوون و کەوتنە داوی کرداری زۆر و پێودانگ و یاسا و ڕێساوە، بۆیە پێوستە باوەڕ بەوە بکەین کە: "بە بازاڕکردن لەئێستادا بەشێکی ئێجگار دانەبڕاوە لە بازرگانییدا، بەو کێبرکێیەی لە بربڕەی جیهانی بازرگانییدا بازاڕکردن هەیەتی، هێزی ئەوەی هەیە کە وەبەرهێنان درووست بکا و تێکیشی بشکێنێ. هەروەك "کانت" ئەڵێ: "ئەم پێکەوەبەستنەی بە بازاڕکردن کردەیەکی دامەزراوەییە و بازاڕ ناچارە بەوەی پێشکەشکاریی بۆ کاڵا بکات لەباشترین باریدا". (میمون ،٢٠٠٤, ص١).

٢-١-٢ : پروپاگەندە وەك بەهایەکی ستراتیجیی و ئابووریی بۆ بە بازاڕکردنی کاری هونەریی

لە هۆکاری ئەو شەپۆلە فراوان و هەژموونداریییە خێرا و پڕتاوانەی دونیای پیشەسازیی و تەکنەلۆجیای نوێ و کردەی ریکلام و پروپاگەندە راکێشی نێو ژیانی کردووە، هەروەها لە درووستبوونی ئەو سەردەمە زانستییەی کە "لیوتار" ناوزەدی ئەکرد بە سەردەمی بەکاڵاکردنی مەعریفە (حمە ،٢٠٠٢ ، ل٢٥٤ )، هونەر و بە تایبەت تر بازاڕی کاری هونەری شێوەکاریی بۆ ئاستێکی تر پێشخست، بە پەیوەندگیریی و ڕۆچوونە نێو ژیانی ڕۆژانە. بە واتای پشتبەست بە پرۆگرامی سەردەمییانە و توانای هەمەچەشنە تیاکردنی، گەیشتن بەوەی ئێستای شارستانێتیی هاوچەرخ بەخۆوەی بینیوە، هەروەك "فازارییللی" هونەرمەند لە گەمەی بینراوکردنی تابلۆکانیدا کردی بە هاندەری بینراو. (البقاعی ، ٢٠٠٥، ص١ ).

بۆیە لە سەدەی بیستەم هونەرمەندی شێوەکاریی لەنێو کەشێکی دڵەڕاوکێ و پرۆکینبڕدا خۆی بینیەوە و پێویستی دەکرد چیتر دوا نەکەوێت لەم هەژمونە پڕتاوانەی دونیا گۆڕاو و خێراکەیدا . وەئامانج لەم بە بازاڕکردنە بۆ کاری هونەری ستراتیجەکەی تەنها بەدیهێنانی کردەی سەرنجڕاکێشی زۆرترین ژمارەی بەئامانج گیراوە ، بەرهەمهێنەران و بینەران و خاوەنداران و شارەزایان، بە ڕێگایەکی گونجاوی پەیوەندییگرتن لەگەڵ هونەرمەنداندا بۆ گەیشتن بەباڵاترین ئاستی سوودمەندێتیی دارایی ،. (Adam, ٢٠١٤, p٢١) ، بۆیە هاوتەریب بەو پێشکەوتنەی تەکنەلۆجیا و زانیارییەکانی ناوی، لە خزمەتگوزاریی بۆ ریکلام و بە بازاڕکردن و خێراکردن و بە بینەرکردنی بەرهەمی دەستکردی مرۆڤ کردوویەتی، وەك ( واڵتر بینیامین) وتی : "سەردەمێك دێتە ئاراوە، وێنەی بینراو و بیستراو بە جووڵەیەکی سانای دەستمان لە پڕێکدا دەرئەکەون و ناشمێنن " ، (هارڤی ، ٢٠٠٥، ٣٩٧ص) ، هونەرمەندیش توانی تا رادەیکی باش سوود وەرگرێ لە زۆر کردن و بە بینەرکردنی کارە هونەرییەکانی و لە پاش ئامێری چاپ و کامێرای فۆتۆگرافیی کە لە زۆربارەدا مێژوویەکی دێرین و گرنگن بە کردەی ریکلامی کاری هونەرمەندە شێوەکارەکان، هەروەك لە هونەری مۆدێرنی شەشپاڵوویی (تەکعیبیی) و پاش مۆدێرنی پۆپ ئاردا ئەبینرێ، وەک لە شێوەی (٣-٤) ، (الحجري ، ٢٠١٦ ، ص١٢) . بەوەی لە هونەری شەشپاڵووییدان، بازدان بوو بە ئاراستەکردنی هونەر بۆ جوانکاریی جەستەی کەلوپەل و شتومەکەکان لە نێو بازاردا (بەکر ، ٢٠٠٥ ، ل٣٥) ، کە دواجار ئاسانکاریی بۆ هونەرێك درووست بوو، کە توانی

راستەخۆ بچێتە گەمەی ژیانی کۆمەڵگەوە و، لە هونەری "پۆپ" یشدا ناساندن بوو بە هونەر و راگەیاندنی جەماوەریی (رەسوڵ ، ٢٠٠٤ ، ل١٠٩ ). بەمەش ئاوێزانی دووبارەی ئەو دیمەنانە بوو، کە گوزارشتیان لە زەرورەتی بە ریکلامکردنی کاڵادا تیا ئەبینرایەوە، وەك سەرسامیکردنی بینەر و نرخ نزمیی و بازرگانی گەورە. (رەسوڵ ، ٢٠١٣ ، ل٢٠٩) .





شێوە (٣) پیکاسۆ- گیتار-کولاج- تێکست- کاغەزی رۆژنامە ١٩١٣

شێوە (٤) ریچارد هاملتون- ئەمرۆ ئەوەندە جیاواز بێت چاپی دیجتال لەسەر کاغەز ١٩٩٢

وابەستە بە هزری (بنیامین)، ئەنجامی ئەوەی پێشبینی کردبوو لە کاریگەرییەکانی بەرهەمی داتایی و تەکنەلۆجییدا، ترسی لە گەمەی گۆڕینی زانیارییەکانی کات و شوێن هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا حەتمیەتی ئەم حاڵەتەی بۆ خوێنەرەکانی روونکردۆتەوە، کە وێنەی داتایی و جووڵەی بەرهەمی تەکنەلۆجیای نوێ بەجۆرێك بەردەست ئەبن و، ناتوانرێت رێگری لێ بکرێت و، ئەبن بە جێگرەوەی بەکارهێنانی بینەری گشتیی. ئەمەش کردەی ریکلامکردنی بەرهەمی هونەریی واڵاتر و باوتر ئەکات لە داهاتوودا. (هارڤی ، ٢٠٠٥، ص٣٩٩).

هەرچی پەیوەستە بە هونەر و رێکلام و بە بازاڕکردن و ئابوورییەوە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕکاریە. بێگومان سیاسەتی کلتووریی وڵات و پلانی بەدامەزراوەییبوون بۆ هەمەلایەنی یەکە کارگیریی و رۆشنبیرییەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەت و هەمئاهەنگیی یەکتریی، کردەیەکی هەنووکەییە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گرنگە ئاستی رۆشنبیریی تاك بەهەند وەربگیرێ، هەروەك رەخنەگران (ریتشاردز و ئمپسۆن)، لایەنی هزریی و سایکۆیی بینەریان بە کرۆکی خوێندنەوەی کاری هونەریی دائەنا: (ریتشاردز ، ٢٠٠٥ ،ص ١٦) و، پێویستیی و ئاگاییەکەی بەرامبەر داواکاریەکانی سەردەم و گۆڕانەکانی ئێستا و داهاتوو ، کاری لەسەر بکرێ. بۆیە، لە پەیوەندیی ئابووریی بۆ بە بازاڕکردنی هونەر وا ئەخوازرێ کە ئاسانکاریی بۆ هونەرمەند بکرێت، لە دابینکردنی شوێنی پێویست و سەردەمییانە و گونجاو بۆ نمایشی کاری هونەریی و، بەردەستخستنی هاوکاریی لە دابینکردنی کەرەستەی مۆدێرن و جۆرێتیی بەرز و تایبەت بە کاری هونەری شێوەکاریی لە نمایش و پیشاندانەکانیدا. هەروەها دەستگیرۆیی دەستگا رۆشنبیرییەکان و ریکلامیەکان بۆی، بەمەش ئاراستەی بە بینەرکردن رێرەوە تەندرووستییەکانی تایبەت بەخۆی وەرئەگرێت، گەشەی ئابووریی گەورە و دیار لە بواری هونەری بینراو لە پاشەڕۆژدا ئەخولقێنێت. ( بن الأمیر. ٢٠٢٤ ، ص٢) .

بە دووپاتکردنەوەی بەهای ریکلام لە بە بازاڕکردندا ، دواجار ئەبێت بە هۆکاری درووستکردن لە بونیادی بازاری ئابووریی بۆ هونەر ، ئەکرێ لە بازنەکانی تری بوارە جیاجیاکانی تریش سوودی ئابووریی بگێڕێ " وەك هونەرمەند ،

شوێنگە نمایشکارییەکان، گەلەریی، مەکۆ هونەریی و رۆشنبیرییەکان و، هەر چییەک پەیوەندە بە بەرهەمهێنانی هونەر و پەیوەستیەکانیەوە "( Lehman, ٢٠١٩ p, ٦٦٤.)، نموونەش لەم سوودە ئابوورییانە لە وڵاتە دیار و گرنگەکان، کە بە پێگە هونەرییەکانیان ناسراون، وەك فەرەنسا کە لە "مۆنالیزا" دا بە ئایکۆنەی گەشتیاریی دونیا نیشانکراوە و، هونەرمەندان ( ڤان کوخ ، کلیمنت و دالی و پیکاسۆ ) بە شاکارەکانیان جێ سوودی ئابووریی وڵاتانیی (هۆڵەندا و نەمسا و ئیسپانیا)، یان لە بازاڕی بۆرسەی جیهانییدا ئەم وڵاتانەی گەیاندۆتە ترۆپکی ئاماژەی بازرگانیی هونەریی، Lehman, ٢٠١٩ p٦٦٤)) لە رێگەی گەلەرییە جیهانییە بەناوبانگەکانی ئەورووپا و ئەمریکاوە بەسوودگەیاندن و ئەزمونی شارەزایی بۆ هەنگاوەکانی بونیاتنانی دامەزراوەیی گەلەرییەکان، کەگرنگیی ئەدات بە توێژینەوە لە بازاڕی کاردا. بە رەچاوکردن و گەڕانەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژێدەری جوگرافیی و دیمۆگرافیی و سایکۆیی و رەفتاری بەئامانجگیراوی بینەرەوە، کە پێگەی ئابووریی و بەبینەرکردن و سەرنجڕاکێشکردنی گەشتیار ئەنوێنن، وەك گەلەریی (میترۆبۆلیتان) لە نیویۆرك، گەلەریی (ئارمیتاج) لە رووسیا، گەلەریی (تیت) لە لەندەن، گەلەریی (لۆڤەر) لە پاریس، هتد..( Mann ٢٠١٦ ,p ٩) .

٣-١-٢ : بە بازاڕکردن وەك هێزێکی کار لە هونەری شێوەکاریی دا

ئەکرێ لە بەرکەوتەیی شتگەلێك لە دەرەوەی ئەزمونکردنی تایبەتمەندێتیی، خودی چێژی ئیستاتیکییانە بەرهەم بێت، بەتایبەت کە ئەبێت، پێداویستی ژیان و بەکارهێنانی رۆژانە، لێرەدا ئەتوانرێ بڵێین خۆشنوودی بۆ شتەکان بەستراوە بە رەهەندەکانی ئاستی ئەپستیمۆلۆجیی و توانای ئاوێتەبوونی لەگەڵ هەست و سۆزی مرۆڤەکان، کە دواجار ئەکەوێتە سەر جوانیی و گونجاندن و دەرهێنانی کار، نموونەش دیزاین، چاپ، نەخش و نیگار، رستن و چنیین، رووکاری بەرهەمە پیشەسازییەکان، کەلوپەلی ناوماڵ، هونەری تەلارسازیی، فاشیۆن، ئکسیسوار، هونەرەکانی ریکلام و راگەیاندن و چەندین جۆری تری هونەرەجوانەکان، کە ئەتوانرێت رێکبخرێت لە ژێر دابەشکاریی هونەریی بیناو لە نیگارکێشان و پەیکەرسازیی و سیرامیکدا. بۆیە هێزی کردەکیی لهجبازنەکانی شێوەکارییدا پەلکێشی فرەئاراستەیی ئەنوێنن. " ئیتر لە جل و بەرگەوە بیگرە هەتا دیزایینی ئامێرێکی کارەبایی و مۆبایلێك و گشت پێداویستییەکانی تر " (بەکر ، ٢٠٠٥ ، لا٣٥). شێوەی (٥-٦) . هەر لەم سۆنگەیەشەوە ئەتوانین بڵێین گەر چاوێك بە کردەی درووستکاریی هەندێك لەو ئامێر و بەرهەمە پیشەسازییانەی دەوروبەرمان دا بگێرینەوە و دیقەتێکی بەراوردکاریانە بدەینە دیزایینی دەرەوەیان، هەست ئەکەین کە هەتاچەند هێزی سەرنجڕاکیشی و توانای بە بازاڕکردنی تیا بەرجەستەکراوە، کە لە بنچینەدا سوودێکی زۆریان لە هونەری شێوەکاریی بینیوە لەڕووی وەزیفە و دیزایینەوە. دواجار وەك هێزێکی کردکار گرنگیی گێڕا لە بە ریکلامکردن و بە بینەرکردن و جوانکاریی ئەم کاڵایانەی لە ناو ژیانی مرۆڤدا بوونیان هەیە، کاتێ "فازاریلی" لە هونەرەکەیدا بە " یەکێتیبوونی هونەر وەسفی ئەکرد" (امهز ، ١٩٩٣، ص٢٤٣ ) (شێوە ٦).



شێوە (٥) (مۆندریان) و نموونەی کارەکانی لە فاشیۆن و پێڵاو؛ کاری دەستیی (حرفة)



شێوە (٦) ( فازاریللی) و نموونەی کارەکانی لە پیشەسازیی دا

٢-١-٣-١ : گرنگیی دامەزراوەی باوهاوس* لە بازاڕی کاری هونەری شێوەکاریی دا

”واڵتر گرۆپیۆس“ -ئەندازیاری بیناسازیی- کاتێ ”باوهاوس“ی دامەزراند، مەبەستی بوو ئەو سنوورانە بشکێنێت، کە لە نێوان یەکێتیبوونی هونەرەکاندا هەبوو. بۆیە، ئەکشنەکە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی چالاکییە هونەرییەکان بوو، بە تایبەت پەیوەندییگرتن لە نێوان خوێندنە زانستییەکەی هونەر و هونەری لێراهاتن یا پیشەوەریی (حرفي). ”هەوڵی قوتابخانەی ”باوهاوس“ لە کۆکردنەوەی هونەرمەند و تەلارساز و پیشەوەر و دیزاینەردا، بۆ گەیشتن بوو بە کۆتواری ڕاستەقینەی پەیوەندیی نێوان فۆرم و فەرمانیی ( وەزیفة)، ( اینن، ١٩٨٢، ص٣٠ ) کە ئامانجە گەورەکە کرانەوەی ئاستی خەیاڵگریی هونەرمەند و سەربەستکردنی بوو لە میانەی دۆزینەوە خود و جیاوازەکان لە لایەك و، بە بازاڕکردن و بە پیشەکردنی هونەر بۆ ناو ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵك لەلایەکی ترەوە، لەکۆتاییدا پێناسەیەکی تری بە هونەر بەخشیی کە هاندانی بینەر بوو بۆ هونەر سەرلەنوێ. شێوە (٧).



شێوە (٧) نیشاندانی چەند کارێکی هونەری قوتابخانەی باوهاوس ئەنوێنێ

ئیـتر، لێـرە بـە دواوە هونـەر بـوو بـە وەرچەرخانێکـی هزریـی خـاوەن پێگـە ئابووریـی تایبـەت و، بـە کایەیەکـی تـری پـڕ بەهـای کۆمەڵگـەی پێشـکەوتوو مەزەنـدە ئەکـرا، هـەروەك "ئەمێـڵ بریهێیـە" لـە کتێبـی "مێـژووی فەلسـەفە"دا کـردەی بـە بازاڕکـردن وابەسـتەی کـردەی بینین ئـەکات. ئەمێـڵ پێـی وایـە "پەیکـەر بـە هێـزی کرداری چـاو ئەبیـنرت و، هێـزی برۆنزیـش بـە هێـزی بینینـی پەیکـەرەوە بەسـتراوە، ئەمـە مانـای وایـە چـاوەکان ئەبینـن و برۆنزیـش ئەبێـت بـە پەیکـەر، واتـە؛ کارەکان بریتیـن لـە بینیـن و وێنـەی پەیکـەر، بینیـن کـردارە بـەو مانایـەی بـە بەردەوامـی ئەمێنێتـەوە، کـە لـە سـەر نەسـتی بینیـن رووئـەدات بـە درێژایـی ئەکشـنەکە، لەبەرئـەوە پرۆسـەکە ژیـان و شـادمانیی و ئاوەزداریـی (زەینرووونیی)کـردار ئەنوێنـن " (بریهێیـە . ٢٠٠٧ ، لا٣٢٧-٣٢٨) ، کـە ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا پەیوەسـتە بـە کـردەی هانـدان و بـە بازاڕکردنـی کاری هونەرییـەوە .

٢-١-٣-٢ : بە بازاڕکردنی هێزی کاری فێرخوازان و هونەرمەدانی شێوەکاریی ادا

بایەخـدان بـە بازاڕکـردن لـەوەدا خـۆی ئەبینـێ، کـە خوێنـدکار یاخـود هونەرمەنـدی شـێوەکاریی، دوای تەواوکردنـی خوێندنـی هونـەر دەستەوهسـتان دانەمێنـێ؛ ئەمـەش ئەکرێـت وەك: "تیۆرێکـی رەخنەیـی و دیالۆگـی خودیـی تەماشـا بکرێـت، لـە چوارچێـوەی تێوەگلانێکـی چارەنوسسـازییدا "(ئەبرامز ، ٢٠٠٩، لا٤٣). ئەمـەش ئـەو کاتەیـە کـە تێروانیـن ئـەکات بـۆ رابـردووی بەهـای بەرهەمداریـی لـە داهاتـووی کار و پیشـەکەی، هەتـا هـەوڵ بـدات بـە ئاراسـتەی حـەز و خەوبینـی کارەکانـی، لـە روانگـەی پەرەپێدان و بەردەوامییـدان بـە هەنگاوەکانیـەوە، وەك خۆدۆزینـەوە لـە چەنـد کەناڵێکـی کارکردن و دامەزراوەییـدا، ،هەتـا لـە ئاراییـدا وەک نیگارکێشـێك یـا گرافیـك دیزاینەرێـك، دەرچوویەکـی بەشـی نیـگار یـان گرافیـك کار بـکات، لـە بوارەکانـی دیزاینـی رووپـەڕ و ناواخنـی رۆژنامـە و ناملیکـە و کتێـب و، لـە سـایتە جۆراوجۆرەکانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لـە کەناڵـە لۆکاڵـی و ئاسـمانییەکان، لـە چەندیـن بـواری کاری جیاجیـا و ناونیشـانی کاری هونەرییـەوە وەك (دیزاینـەر، دیکۆریسـت، کیورەیتـەر، کاریکاتوریسـت، هتـد..) . وەك لـە شـێوەی (٨) .








شێوەی(٨) کاری هونەرمەند لە دامەزراوەکاندا

ئەکرێـت فێرخوازێکـی بەشـی گرافیـك هەلـی کارکـردن و بازاڕکردنـی کار لەرێـی هونەرەکەیـەوە دەسـت بکەوێـت، وەك چاپکردنـی کارەکانـی لەسـەر گەلێـك رووکار و ماتریاڵـی جۆراوجـۆر، کـە ئـەوەی لەبـازاڕی ئێسـتادا بـەدی ئەکرێـت نارێکـی و نارۆونیـی و نەگونجـان و ناهونەرییبوونـی بوارەکەئەخاتـەڕوو ، شـێوە (٩).



شێوەی (٩) چاپكراوی چەندكارێكی هونەریی لەسەر رووگەی جیاواز

ئەكرێت، پەیكەرسازێك لە دەرەوە هەڵی بە بازاڕكردن بۆ كارەكانی بە شێوەیەكی باشتر نمایندە بكات، بۆ نموونە لە رێگەی هونەری پەیكەرسازیی گەلێك ماكێت لە شێوەی مەدالیا لە ماتریاڵگەلێك بە تەكنیكی جیاواز، بۆ كەسایەتییەكانی كورد لە مێژوویی و سیاسیی و سەركردە و ئەدیب و نووسەر تاكی كورد ( شێوە ١٠)، بە ئایقۆنییكردنەوەیان لە دەركەوتەیی فۆرمی جیاواز و نوێدا، وەك سیمبوولێكی نەتەوەیی جارێكی تر دابرێژێتەوە. یاخود درووستكردن و بە بازاڕكردنی هێما و لۆگۆ لە شێوازی بابەتی كلتووریی و فەرهەنگیی و بە ریكلام كردنیان لە شوێنە گشتییەكاندا. هەموو ئەمانە ئەكرێت لە داهاتوودا وەك سەرچاوەیەكی دارایی و ئابووریی گرنگ بۆ ژیانی هونەرمەندان و پێگەی سیاسەتی كلتووریی وڵات و بەرەوپێشچوونی كۆمەڵگەی كوردیی سەیر بكرێت.



(شێوە ١٠)  ئایلان سیمبوولی پەژارەیی تاكی كورد

٢-١-٣-٣ بە بازاڕكردن و گرنگیی بەكاربردن لە بەخششی كۆمەڵگەی مۆدێرنە و پاش مۆدێرنەدا

كاتێك كۆمەڵگە بە ئاراستەی گۆرانە پرتاو و خێراكان هەنگاوەكانی هەڵئەنا، ئیتر بەكارهێنان و خەرجكردن بە شێوەیەك زیادی كرد لە پێشبینی دا نەمایەوە، بەجۆرێك مرۆڤی ئەم سەردەمە بۆی نەئەكرا بەپێی بیرۆكە و لە پرۆسەیەكی دیاریكراودا مۆلەقیی بكات. وای لێهات فریای گۆڕانەكانە نەكەوێت و پیایدا نەگاتەوە، بە

رادەیەك هۆگری کڕینی کاڵا و مۆدێل گۆڕین لە حاڵەتی ئاسایی دەرچوو، ئەمەش «بۆخۆی بوو بە هۆکاری هاتنەکایەی خەرجکردنێکی نەگونجاو و نامۆوە. ئەم پرۆسێسی خەرجکردنە لە زۆرێك لە کاتەکاندا بوو بە مایەی ناوزەدکردنی کۆمەڵگە بە کۆمەڵگەی بەکاربەر/ موستەهلیك) (رەسوڵ ، ٢٠١٣ ، لا٩٩-١٠٠) . ئەم گۆڕانەش لەحاڵەتە باوەکەیدا زیادەکردنێکی تر بوو بۆ نێو خانە فراوانەکانی هزری بە بازاڕکردن، بەجۆێك لە «پرۆسەی رانان بۆ خەرجکردن و بەکاربردن، پاڵی نا بەوەی پێی بوترێ بزوێنەری کۆمەڵگەی پاش مۆدێرنە«، (سبیلا ، ٢٠٠٥، ص١١١). بەشێوەیەك ئەفراندنی (ئابووریی مرۆڤ) درووست بوو، کە رێچکەیەك بوو بۆ دۆزینەوەی هێزی کار و بە بازاڕکردنی بەرهەمەکانی لە داهاتوودا، کە لە زۆر باردا خێرایی و نوێبوونەوەیەك بوو بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و هاوشانکردنی بە بابەتی ئابووریی و یاسای مۆدەوە. ئەم مۆدە نوێیە هاوتەریب بە ئاراستەی قۆناغی بەرهەمهێنان، لە سیستەمی سەرمایەدارییدا، مۆدەیەکی پێکبەستەیی ئاڵۆز و فرە لایەن بوو «مۆدەیەکی ئاوێتە و تێکەڵ بوو لەگەڵ چێژ و ئاهەنگ و گۆرانیی و موزیکی جاز و رۆك و پۆپ و تێکەڵاویی کلتووریی و زمانی جیاواز و جلوبەرگی تێکەڵکێشی کلتوور جیاواز، کە دواجار کارکردن بوو لە لادان و توانەوەی بەستەڵەکی نێوان کلتورە جیاوازەکان (رەسوڵ، ٢٠١٣، لا١٠٠). لێرەدا گرنگیی و هزری بە بازاڕکردنی کۆمەڵگەی بەکاربەر ئەمانگەیەنێت بۆ بابەتی بەشدارییکردنی کلتووریی جیاواز و زۆرکردنی ئاستی چێژی بینەر و زیادکردنی خەرجیی بۆ ئاستێکی نوێ و جیاواز.

٢-٢- توێژینەوەکانی پێشوو :

لەم توێژینەوەیەدا گەڕانێکی پێشوەختە کراوە، بۆ تیشک خستنەسەر ئەو توێژینەوانەی پێشتر کاریان لەسەر ئەم بابەتە کردووە، وەك بابەتی پێوەستیبوون بە ناونیشان و ناوەرۆکی بە بازاڕکردن و کارکردنی توێژەر بە ئاراستەی دابڕانی تەکنیکیی لە کردەی بەرکەوتەی دووبارەیی و کۆپیکردنی زانیارییەکان لە توێژینەوەی تردا. لەم بارەیەشەوە، پاش گەڕان و بەدواداچونێکی ورد ئەم نموونانەی لە توێژینەوەی بابەتی بە بازاڕکردن و پەیوەندیی بە هونەری شێوەکاریی خراوەتەڕوو.

٢-٢-١: توێژینەوەی/ (استراتيجيات تسويق الفنون العالمية ودورها في تكامل شخصية الفنان التشكيلي المعاصر )،(د.سلمان الحجرى) (كلية التربية-قسم الجرافيك ديزاين- جامعة سلطان قابووس),( المؤتمر الدولي الثاني للفنون البصرية _ ٢٠١٦)، توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبیی نووسراوە لەسەر گرنگیی و کاریگەریی بە بازاڕکردن لە کەسێتیی هونەرمەند و بە بازاڕکردنی کارەکانی هونەرمەندی شێوەکاریی لە بازاڕی کاری ناوخۆیی و جیهانییدا و، گرنگیی توانای ئەفراندنی کەسێتیی هونەرمەند بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی خۆی، هەروەها باسەکە لەسەر کرانەوەی لایەنی کەسێتیی بەرهەمهینەری کار، بە رووی ماڵپەڕ و پەیجەکانی ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، درووستکردنی لینك و پەیجی تایبەت بە خۆی، تاوەکو توانای بە بازاڕکردنی کار و بەرهەمەکانی زیاتر فەراهەمی زۆرترین بینەر ببێتەوە.

٢-٢-٢: توێژینەوەی/ (أثر الخطاب التشكيلي في تسويق الأعمال الفنية في الجزائر - عينة من أعمال الفنان الجزائري خالد سباع أنموذجا) (د.بغزو جلال و م.ی.امنة قجالي) (مجلة اشكالات في اللغة و الادب Volume١١,): توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبیی نووسراوە لەسەر هێزی بازاڕکردن لە کارەکانی هونەرمەند (خالد ، سباع)، وەکاریگەریی درووست کردنی ناوبانگ و لە بەدیهێنانی پرۆسەی بەبینەرکردندا ، کەلە ناوەرۆکدا پەیوەستە بە تونایی شارەزاییەوە بۆ دەرخستەی بەهای جوانیی و سەرنجراکێشی کار.

٢-٢-٣: توێژینەوەی/ What Role for Marketing in the Arts? An Analysis of Arts Consumption and Artistic Value)) (Simona Botti) (International Journal of Arts Management) (Vol ,٢. No ٣ (SPRING ٢٠٠٠), pp.

(٢٧-١٤ ١٤pages) Published By: HEC - Montréal - Chair of Arts Management): ئـەم توێژینەوەیـە بـە زمانـی ئینگلیزیـی بـە ناونیشـانی پرسیاری (دەوری بـە بازاڕکردنـی هونـەر چیـە ؟ لـە شـیکاری بیرۆکـەی بەکارهینـان و نرخـدا) ، بابەتەکـە قسـەکردنە لــە ســەر پەیوەسـتی خسـتنەڕووی بەرهــەم و کاری هونەریـی بـۆ نێـو کۆمەڵگـە و دۆزینـەوەی رێگچـارەی پێویسـتە بـۆ تێکەڵکردنـی بەرهەمـی هونـەر بـۆ بـازاڕی کار و راکێشـانی سـەرنجی بینـەر بـۆی، هەروەهـا گرنگیـی تەکنەلۆجیـای مۆدێرنـە لـە بەهێزکردنـی کـردە و هۆکارەکانـی بـە بازاڕکردنـی هونـەردا.

٢-٢-٤ : بەدواداچون بۆ توێژنەوەکانی پێشوو

لیـرەدا توێژهـەر وەك بەهایەکـی زانسـتیی بـۆ بەراوردکاریـی ئـەم توێژینەوانـە لـە دوو توێـی توێژینەوەکـەدا، باسـی بابەتـی کەسـێتیی و توانـای خـودی هونەرمەنـد نـاکات وەك لایەنێکـی رەهـای بـە بازاڕکـردن، هەروەهـا قسـەکە تەنهـا پەیوەسـت نییـە بـە شـارەزایی و لێزانیـی لـە بـواری زانسـتیی داتـای تەکنەلۆجیـی یـا بوێریـی بـۆ رۆچوونـە نێـو لایەنـە جیاجیاکانـی کۆمەڵگـەوە، بەڵکـو کارەکـە هەروەزکارانەیـە، لـە نـاو (خـود و شـارەزایی و پاڵپشـتی دامەزراوەیـی و رۆڵـی ئاگایـی دەوڵـەت و کۆمەڵگـە بـۆ کاری هونەریـی و گرنگیـی خـودی هونـەر، کـە وەك بابەتێکـی هەنووکەیـی سـەیری هونـەر و کلتـور بکرێـت لـە پێویسـتی بـۆ ژیانـی کۆمەڵایەتیـی و، لـە هەمـان کاتـدا وەك لایەنـی بزاوتـی پێشـکەوتن و گەشـەی ئابووریـی تـاك و گشـتیی لـە کۆمەڵگـەدا بەشـداربێت. توێژینەوەکـە ئاراسـتەگرە بـە پلانـی بـە بینەرکردنـی کاری هونـەری، بۆیـە کارکردنـە بـە جیـاوازی لێکدانـەوە شیکاریەکان بـە ئارگۆمێنتـی زانسـتیی، پێدانـی زانیاریـی ئەزموونکـراوی شـارەزایان و پسـپۆڕانی بوارەکەیـە، توێژینەوەکـە نیشـاندانێکی جیـاواز نوێیـە بـە کۆنتێکسـتی پێکبەسـتەیی و تایبەتمەندێتیـی زمانەوانیـی هونەریـی شـێوەییەوە.

## بەشی سێیەم

## رێکارەکانی جێبەجێکردن

١-٣ :کۆمەڵگەی توێژینەوە :

کۆمەڵگـەی توێژنەوەکـە پێکدێـت لـە کارەکانـی بـواری هونـەر کـە پێویسـتییەکانی بـە بازارکردنـی تیـا دەسـتەبەر کراوە و، لەبـەر زۆریـی ژمـارەی کارەکان، توێـژەر (٣) شـێوەی شـیکاریی کـردووە.

٢-٣ :شێوەی شیکاری کراو:

هەڵبژاردنـی شـێوەی توێژینـەوە بـە مەبەسـت و بـە شـێوازێك دیاریکـراون، کـە گونجـاوی گوتـاری کۆمەڵگـەی توێژنەوەکـە بێـت و، تایبەتمەندێتیـی جودایـی بـوون و خەسـڵەتەکانی رەسـەنایەتیی دووبارەنەبوونـەوەی تێدابێـت.

٣-٣ : ئامانجی توێژینەوە :

دۆزینەوەی بەهای بە بازاڕکردن لە نێو تایبەتمەندییەکانی نموونەکاندا بە ئامانج وەرگیراوە.

٤-٣: ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی:

پشبەسـتە بـە گـەڕان و پشـکنینی زانسـتییانەی توێـژەر، کـە لـە سـەرچاوە زاسـتیی و و پرۆوشـەر و پۆسـتەر و سـەرچاوەی داتایـی و وێبسـایتەکاندا بەردەسـتخراون.

٤-٣ : میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی وەسفیی - شیکاریی لە راڤەکاریی و ناساندنی شێوەی توێژنەوەکاندا بەکارهاتووە.

٥-٣ : شیکاری نموونەکان : شێوەی یەکەم



ناو : مۆنۆمێنتی یەکگرتوویی

هونەرمەند : رام فینجی سوتار

ماترِیاڵ : چوارچێوەی پۆڵا ، بەهێزکراوە بە پۆشینی کۆنکرێتیی و مس ، رووپۆشکردنی برۆنز

پێوانە : بەرزی پەیکەرەکە ١٨٢م بە بنکەوە ٢٤٠م (پانتایی رووبەری بەکارهاتوو ٢٠٠٠٠مەترچوارگۆشە ، دەورەدراو بە دەریاچەکی دەستکردی ١٢کم )

ساڵی بەرهەم هێنان : ٢٠١٨

شوێن : کوجارات – هندستان ( تێچوو ٤٢٢ ملیۆن دۆلاری ئەمریکایی)

لە ئاستی بیناوادا ، بەرکەوتنەکە پەیکەرێکی زەبەلاحی شێوە تەواوکراوی جەستەی مرۆڤێکی وەستاو ئەنوێنی بە جلێکی سادەی کەلتووری میلییەوە، لە بارێکی نەرمی وەستان و ژیانکردنی ئاساییدا، کە لە گوتارە سیاسیی و مێژووەییەکەی وێنەی شێوە ریاڵیستی سەرۆك وەزیرانی کۆچکردوو "ڤالابهبهای پاتڵ" (١٨٧٥-١٩٥٠)، بەرجەستە ئەکات، کە سیمبوولی سەرکردەیەکی دێرینی نەتەوەیی وڵاتەی هیندستانە، لە قەبارەی ماترِیاڵێکی ناواخن پۆڵا، بەهێزکراوە بە پۆشینی کۆنکرێتیی و مس و بە دەرکەوتەی رووپۆشکردنێکی برۆنزیەوە.

کردەی بە بازاڕکردنی ئەم پەیکەرە، هۆکاری ناوەرۆکە مێژوییەکە نییە، بەوەندەی شکاندنی ئەو رێچکەیەیە کە لە بەرزیی پێوانەیی لە ئاستی باڵایی جیهانیی کارە هونەرییەکەوە دەرئەچێ، بۆ نامۆیی و سەرسامکردنی هەستی چاوەڕواننەکراوی بینەرەکانی کارەکە، کە لە ئاستی قەبارە و بەرزییەوە یەکەمینە و هەتا ئەم ساتەش رکابەرایەتی مۆنۆمێنتەکانی بەر لە هەبوونی خۆی ئەکات . شێوە (١- أ)




(١- أ) شێوەی بەراوردکاریی رکابەرێتی بەرزترینی مۆنۆمێنتەکانی جیهان نیشان ئەدات

ئەمەش یەکێکی ترە لەو نموونە باڵایانەی هەزری ئەزموونگەرایی "سانتیانا" ی فەیلەسووف کە لە بەهای گەورەیی و قەبارەدا بۆ بە بینەرکردن و سەرنجراکێشکردنی کاری هونەرییەوە ئاماژەی پێ کردەوە. بۆیە شاکارە هونەرییەکە وەك وەرچەرخانێکی پێشکەوتنی ئابووریی و کرانەوە بە رووی دونیادا و گۆڕانکاریی لە ئاستی کلتووریی و بازرگانیی و شارستانیی و زانست و رۆشنبیرییدا و لە گەمەی خوێندنەوەی هێرمۆنتیکیی دا خۆیمان پیشان ئەدات. تەنانەت لە ئاستی بە بینەرکردن و نیشانداندا، سەردانییەکەرانی ئەم کارە لە ساڵی (٢٠١٨ بۆ ٢٠١٩) ، (٢,٨) ملیۆن بینەر بووە، کە ئەمەش دەرخەری ئەو راستیە دووپات ئەکاتەوە، کە هەزری کلتوور و کردەی دامەزراوەیی هونەر و کایەکانی ئەیکاتە نێو بزاوتی ئابووریی و سەرمایەداریی و بە بازاڕکردنەوە لە دونیای ئەمڕۆدا.



شێوەی شیکاری دووەم

ناو : جەستەی پەپکەیی ( ئم ئیس جی) (Sphere )

هونەرمەند و تەلارساز : دامەزراوەی ( ئێم ئێس جی و پۆپیولەس)

ماتریاڵ : چوارچێوەی پۆڵا ، بنکە و پایەی کۆنکرێتیی، رووپۆشکردنی پانێڵی 16K LED , دەنگ بەرزکەرەوەی بیمفۆرم

.

پێوانە : بەرزی ١١٢م*١٥٧م پانی (٧,٣ هێکتار زەوی)

ساڵی بەرهەم هێنان : ٢٠٢٣

شوێن : پارادایس – نیڤادا - ولاتە یکگرتوەکانی ئەمریکا ( تێچوو ٢,٣ ملیار دۆلاری ئەمریکایی)

دەرکەوتەی کار پیشاندانەکە، گۆیەکی شێوە پەپکەیەکی زەبەلاح ئەنوێنێ، لە بونیادی بەرکاری تەلارسازییدا گۆڕەپانێکی نمایشی و ئاهەنگگێڕانە (٢-أ)، کە توانای بە بینەرکردن تێیدا بۆ دانیشتن لەسەر کورسیی، زیاتر لە ١٨,٦٠٠ بینەر ئەبێت، لە رێگەی شێوە پانێڵێکی رووناکیی LED گەورە و فراوان و بەکوالیتیەکی بەرزی تەکنەلۆجیای نوێی ڤیدیۆییەوە کە 16k وێنە داتاییە گوازراوەکان بە دوو رووگەی جیاوازی ناوەوە و دەرەوە نمایش ئەکات و، بە سیستمی دەنگی بیمفۆرم و بە کاریگەریی ئفێکتیکی فیزیایی 4D وە. رووگەی دەرەوە و ناوەوەی شێوە گۆییەکە بە زیاتر لە ( ٥٤٠٠٠ هەزار مەتر چوارگۆشە) شاشەی LED رووناکیی بەرجەستە کراوە، لەسەر ناواخنێکی پۆڵایینی ئەندازەییەوە. لەسەر بنکەیەکی کۆنکرێتیی داڕێژراو بە پێوانەی بەرزیی ١١٢مەتر دووجا و ١٥٧مەتر دووجا

پانیی بە و رووبەری (٧,٣ هێکتار زەویی) کە رووبەرەکەی ٨٧٥,٠٠٠ چوارگۆشەیە و، بە تێچووی ٢,٣ ملیار دۆلار، کە بەگرانترین شوێنگەی کات بەسەربردن دائەنرێت لە هەموو لاسڤێگەس دا.



(٢- أ)چەندگرتەیەکی دیمەنی جیاوازی جەستە پەپکەیی (Sphere )

هزری بە بازارکردنی ئەم شاکارە هونەرییە شێوەییە کە لە پۆلێنی شێوازی هونەری کۆنسێپتی ڤیدیۆ ئارتدا خۆی دەناسێنێت ، فرە رەهەندە و کاریگەرییەکانی بەبیناراو بوون تێیدا لێدانێکی تری ئاستی چاوەڕوانکراوی خوێندنەوەکانی بینەری کارەکەن ، بەهۆکاری زۆری کردە سیمانتیکیەکانی بەیوەست بە فرەیی تەئویلگەرایی بنتەکانی شیوە دەرکەوتووە کە ، لەگەڵ ئەو هەژمونە تەلیسماویانەی کەشی بینە گۆڕاوەکان و جیاوازیە پرتاوەکانی نێوکۆی وێنە دیجیتاڵیە جوڵاوەکان ، کەلە سەر هزر و سۆزی بینەری دەخولقێنن ، لە ئاستێکی تری تێفکریندا کارەکە بازدانە لە دووبارەیی و باویی بوونی نمایشە بیناروەکانی پێشوو ، بەوەی میدیۆمە نوێیەکە گەمە لەگەڵ هەست و ئاگایی بینەرێك ئەکات کە پێشینەی ئەزمونی دەق ئاوێزانی بیناراو هەیە لەگەڵ وێنەی جوڵاوی دیجیتاڵی ، بۆیە کارەکە ووزەیەکی تری ئەندێشەسازی یە بەئاراستەی خوێندنەوە جوداکانی نەوەی داهاتوو بۆ کردەی کات بەسەربردن ، کارەکە پێناسەیەکی تر دەبەخشێتە بووەکان و جێگۆرکییەکی تەلیسماوی شۆکهێنەر و نامۆ ئەدات هوە بەکۆتواری ژینگەوە ژیانە ئاساییەکەی دەوری بینەر.

وە لەئاستێکی تری دامەزراوەیی دا ئەم سەکۆیە شانۆییە هاوچەرخە ، پەیوەستیەکی دیزاینی تەلارسازی پێشکەوتوە بۆ هزری ریکلامی و بە بازارکردنی کردەی هونەر و رۆشنگەری ، کە لە بەهای پێگەی ئابووریی وەدەستخستنی سەرمایە ، رێگە بە هونەرمەندان و وەبەرهێنەران و ئەفرێنەرانی بوارە جوداکانی تری هونەر ( موزیك ، شانۆ ، سینەما ) نمونە(٢- ب) ، وتەکنەلۆجستە پێشەنگەکان ئەدات ، ئەزمونی نائاسایی درووست بکەن ، گوتاری بابەتگەرایی بە ئاقارێکی تردا دەبات ، بینەر دەگوازێتەوە رووەو ئاسۆیەکی تری لێکدانەوە و راڤەکاری ناجێگر و ناکۆتایی نیشاندەر و نیشانکراو (دال و مدلول) .



(٢- ب) چەندگرتەیەکی دیمەنی جیاوازی جەستە پەپکەیی لە ناواخندا

شێوەی شیکاری سێهەم:

ناو : لۆڤەر ئەبووزەبی

هونەرمەند و تەلارساز : جان نوفیل

ماتریاڵ : پۆڵا ، بنکە و پایەی کۆنکرێتیی



پێوانە : ( رووبەری٢٤هەزار مەتری چوارگۆشە)

ساڵی بەرهەم هێنان : ٢٠١٧

شوێن : دوورگەی سەعدییات – ئەبووزەبی – وڵاتی ئیمارات (تێچوو ١٠٨ ملیون یۆرو )

دیمەنەکە شاکارێکی تەلارسازیی مۆدێرنمان پیشان ئەدات، کە لە بنمیچێکی شێوە قاپ (صحن) ی نزیکە لە شێوەی دوورگەدا وەلە ماتریاڵی ئاسن درووست کراوە بە پێوانەی ١٠٨م، لە رێکخارییەکی ئاوەژۆکراوی تێکسچەر ئاڵۆزدا، لە شێوە ئەندازەیی ژێدەر زەخرەفی هونەری ئیسلامییدا و، بە دەرکەوتەی هەژمونێکی رەنگی خۆڵەمێشی راگیرکراو لە سەر کۆمەڵێك فۆرمی شێوە لاکێشەیی رەنگ سپیی، کە لە بارە ئاساییەکەیدا شێوەی ژوور و دیمەنی خانوو و دیوار و سەقف و راڕەو و پەنجەرە و دەرگا و قادرمە ئەنوێنن، کە نزیککراوەی خانووە سادەکانی کەلتووری کۆنی هونەری ئیسلامییە. باڵە خانەکە بە نزیکەیی ٥٥ هۆڵ و گەلەریی نمایشکاری تێدایە و، لە ٨ نهۆم پێکهاتووە، ئەم بارستاییە تەلارسازیە ناوازەیە ئەکەوێتە نێو سنوورێکی ئاوییەوە، کە بە کۆی دیزاینی رێکخاری و پێکهاتەی باڵەخانەکەدا شێوەیەکی جیاواز لە هونەری تەلارسازیی هاوچەرخ بەرجەستە کراوە.

ئەم تەلارە لە ئاماژە کردکارییەکەیدا، گەلەریی شێوەکارییە کە ناوەکەی لکێنراوە بە ناوی گرنگترین و بەناوبانگترینی گەلەرییە شێوەکارییەکانی دونیا، ئەویش گەلەریی لۆڤەرە، کە لە بەهای کاری بە بازاڕکردن و بازرگانیی و ژێرخانی ئابووریی وڵاتەی فەرەنسادا پێگەیەکی لە رادەبەدەر باڵا و بەنرخە و، سەرچاوەیەکی پڕ ووزە و چالاکی بە بینەرکردنە بۆ راکێشانی سەرنجی گەشتیاریی کە بە سەدەها ملیۆن یۆرۆ مەزەندە ئەکرێت. لکاندنی ناوی لۆڤەر بە ناوی ئەبووزەبیی لە رێکەوتنێکدا کە لە نێوانی هەردوو وڵاتەکەدا هاتە بوون، بە تێچووی ١,٣ ملیار دۆلار یورۆ

بـۆ مـاوەی ٣٠ سـاڵ واژۆ کـرا و، پەیوەسـتکرا بـە کۆمەڵێـك بابەتـی گرنگـی ئاڵوگـۆڕی رۆشـنگەریی و بەرهەمهێنـان و شـاکاری شـێوەکاریی تایبـەت بـە گەلـەری لۆڤـەر بـۆی . شـێوەی (٣- أ) و، نمایشـکردن و بـە بینەرکردنـی جارێکـی تـر، لـە ئەتمۆسـفیر و کەشـێکی شـوێنگەیی کلتووریـی و هزریـی نـوێ و جیـاواز دا. ئەمـەش بـۆ خـۆی کردەیەکـی نوێـی بازرگانیـی و بـە بازاڕکردنـی هونـەرە بـۆ شـێوەیەکی تـر و ئاسـتێکی تـری بـە بینەرکردن.



نموونە (٣- أ) چەندگرتەیەکی جیاوازی دیمەنی ناواخن و دەرەوەی گەلەرییەکە ئەنوێنن

بەشی چوارەم

٤-١ : ئەنجامەکان:

بـە بازاڕکـردن لـە هونـەری شـێوەکارییدا گرنگیـی خـۆی ئەگێـڕێ لـە بەردەوامییدانـی کایـەی ئەفرانـدن و گەشەسـەندن و پێشـکەوتنی رۆشـنگەریی و وەرچەرخانـدن بـە وزەی شارسـتانێتیبوونی کۆمەڵگـەی مەدەنیـی و نوێبوونـەوە و لەدایك بوونـی تەوژمـی نوێخوازیی، بـەوەی لـە هەنـاوی هـزری بـە بازاڕکردنـدا هەمەکـی و نادرووستیی هونـەری بـێ ئاسـت و بنەمـا جێگـە ناگرێـت و، ئاگایـی سـەرنجی بینـەری هونـەر ئاراسـتەئەکات. شـێوەی (١-٢-٣) .

بـە بازاڕکـردن هێـزی بـە بینەرکـردن و سـەکۆی بەشـدارییکردنی بیـنراو بـۆ گرێـدان و ئاوێتەبوونـی کایەکانـی تـری هونەرەجوانـەکان خـۆش ئـەکات و، سـنوورەکانی پەیوندییکـردن سـانا ئەکاتـەوە و، گوڕێکـی تـازە ئەداتـەوە بـە ئاسـۆکانی تێڕامـان و تێفکرینـی بینـەر و بەرهەمـی هونەریـی و بـە پێچەوانەشـەوە. شـێوەی (١-٢-٣).

لەسـەر ئاسـتی دامەزراوەیـی و کار و پـلان و سیاسـەتی کلتووریـید، بـە بازاڕکـردن یەکێکـی تـرە لـەو هـۆکارە گرنـگ و پێویسـتانەی لـە ئاسـتی هـزری تـاك و کۆمەڵگـە کار ئـەکات و، پەیوەندییـەکان پێکـەوە گـرێ ئەداتـەوە و رێگەچـارە و ئەلتەرناتیڤیـش بەردەسـت ئەخـات بـۆ چارەسـەرکردن، بـەوەی لـە ناواخنیـدا کێشـەی ئابووریـی هەڵگرتـووە و کلیلـی کێشـەکانی ئـەم هـزرەش بەشـێکی زۆری لـە هونـەردا بـە لایەنـی ماددیـی و ئابوورییـەوە چەقبەسـتووە. شـێوەی (١-٢-٣) .

لـە پنتێکـی تـر دا هـزری بیـنراو و بـە بازاڕکـردن بـۆ کاری هونـەری بـەدەر لـە پێویسـتیی سـەرنجی بینـەر، بازدانـە لـە بەهـای دووبارەیـی و بـاوی بوونـی هونـەرەوە، ئاراسـتەگرتنی دەقـە بـە ئاقـاری رەوتـە خێـرا و پرتاوەکانـی ژینگـە و ژیانـە نوێکـەی دونیـای تەکنەلۆجیـا و زیرەکـی هۆشـمەندەوە، کـە سـات بەسـات داخوازیـی بـۆ بنینـی نـوێ و کـردەی نـوێ

ئـەکات. شـێوەی (١-٢-٣) .

٤-٢ : راسپاردە:

لەکۆتایی توێژنەوەکەیدا توێژەر ئەم راسپاردانە ئەخاتەڕوو

گەرچـی خوێندنـی هـزری تێۆریـی و فەلسـەفیی و رەخنەیـی پێویسـت و گرنگـن بـۆ خوێندنـی هونـەر، بـەڵام بیرکرنـەوە لـە بەهـای بـازار پەیداکـردن بـۆکاری هونەریـی یەکێکـی تـری کارە هەنوکەییەکانـە.

بـە بینەرکـردن و سەرنجراکێشـی بـۆ بەرهەمـە هونەرییـەکان یەکێکـترە لـەو پێویسـتیانەی ئەبـن بـە هـۆی بەردەوامیـی ئاڵوگـۆڕ و نمایشـەکان و زۆربوونـی چالاکیـی هونەریـی لـە دامـەزراوە و شـوێنە پەیوەسـتدارەکان.

٤- ٣ : پێشنیار :

پێشنیارەکان لەم توێژنەوەیدا بەم شێوەیەن:

بە بینەکردنی هونەری شێوەکاریی دوای سەردەمی مۆدێرنیزم.

بەهای کاری هونەری شێوەیی لە دونیای پێشکەوتنی تەکنەلۆجیی دا.

پەراوێزەکان:

* باوهـاوس: دامەزراوەیەکـی هونەریـی و کلتووریـی سـەردمی مۆدێرنـە بـو، لـە ئەڵمانیـا لەلایـەن تەلارسـاز و هونەرمەنـد "واڵـتر گرۆپیـۆس"، هاتەکایهـوە ب هەمەبەسـتی ئاوێتەکـردن و تێکشـاندنی سـنووری نێـوان هونـەرەکان، بـە تایبەتیـی هونـەری تەلارسـازیی و ئاوێتەکردنـی بـە سـتایڵ و دەرکەوتـەی هونـەری شـێوەکاریی مۆدیـرن.

* دیجـل : رەخنەگـر و تیۆریزانـی بـواری موزیکـە، لـە بەڕێوەبـەردن و کارگێریـی بـە بازاڕکردنـی هونـەر ئەنووسـێت، لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٣٧ لـە شـاری بریسـتۆل لەدایکبـووە، لـە ئێسـتادا خانەنشـینە .

# التسويق فى الفن التشكيلي

## ملخص البحث:

يتنـاول هـذا البحـث موضـوع التسـويق في مجـال الفنـون البصريـة وتبـادل هـذا الموضـوع مـع المراكـز الثقافيـة، في علاقـة ثنائيـة، بهـدف تحقيـق أفكار جديـدة ومؤثـرة في تعريـف رؤيـة الأعـمال الفنيـة في أزمنـة وحـدود مختلفـة. وجانـب آخـر مـن البحـث هـو مناقشـة الجـذور التاريخيـة والفلسـفية للتسـويق في مجـال مراحـل التطـور للفكـر القديـم والجديـد والمعـاصر، وذلـك مـن أجـل إظهـار قـدرات الفنـان في جـذب العمـلاء والمشـاهدين لأعمالـه، ومـن زاويـة أخـرى البحـث يُخضـع الدعايـة للتحليـل العلمـي النقـدي والتفسـير كقيمـة اسـتراتيجية واقتصاديـة لتسـويق الأعـمال الفنيـة، وفي الوقـت نفسـه يسـلط الضـوء عـلى فعـل التسـويق كقـوة عاملـة في الفنـون في إطـار المحادثـة عـن مؤسسـة باوهـاوس وأهميتهـا في سـوق العمـل للفنـون التشـكيليه ، وفـى مجـال بحثـي آخـر هـو الخطـاب التسـويقي للقـوى العاملـة الطلابيـة والفنانـين، وفـى جانـب اخـر القـراءة الفكريـة للتسـويق وأهميـة الاسـتهلاك في هدايـا المجتمـع الحديـث ومـا بعـد الحداثـة. ومـن حيـث الحصـول عـلى معلومـات افتراضيـة، توفـر الدراسـة إجـراءات التنفيـذ، وأخـيراً يتـم تحديـد نتائـج الدراسـة مـع المعلومـات، وذلـك لتوضيـح أسـئلة مشـكلة البحـث التـي كانـت نتيجـة للموضـوع الرئيـسي .

# The Marketing in the Plastic Art


## Abstract:

This research examines the issue of marketing in the field of visual arts and the exchange of this issue with cultural centres, in a dualistic relationship, intending to achieve new ideas and Influence in defining the viewing of works of art in different times and boundaries, another aspect of the research is to discuss The historical and philosophical roots of marketing in the field of the staged developments of old, new and contemporary thought, to show the artist's abilities in attracting customers and viewers of his works, in another angle of the research He subjects propaganda to critical scientific analysis and interpretation as a strategic and economic value for marketing works of art At the same time, he highlights the act of marketing as a labor force in the arts. In the framework of his speech on the Bauhaus Foundation and its importance in the labour market of the arts, Te Another area of research is the marketing discourse of the student workforce and artists, and intellectual reading of marketing and the importance of consumption in the gifts of modern and postmodern society. In terms of obtaining hypothetical information, the study provides implementation procedures, and finally, the results of the study are identified with information, to clarify the questions of the class problem they have been the outcome of the main theme.


## سەرچاوەکان :

### یەکەم-سەرچاوە کوردیەکان :


بەکر ، جەزا . فەلسەفە و تەکنیکی بزافە هونەریەکان ،چ١، دەستگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

حمە ، ئازاد . بیری پۆست مۆدێرنیزم ، چاپخانەی خانەی موکریان : هەولێر ، ٢٠٠٢ .

ڕەسوڵ ، وەهبی .پیڤەکانی ڕەنگ ، چ٢، دەستگای چاپ و پەخشی سەردەم : سلێمانی ، ٢٠٠٤.

بریهێیە ، ئەمێل . مێژووی فەڵسەفە - فەلسەفەی گریکی ، ب١، و: ئاوات محمد ، دەستگای چاپ و پەخشی چراخان : سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

ڕەسوڵ ، وەهبی . ئبستراکت ئێکسپرێشنیزم لەنیگارکێشانی هاوچەرخی کوردستانی باشوردا ، چ٢، چابخانەی شڤان: سلێمانی ، ٢٠١٣.

ئەبرامز ، م . تیۆرە مۆدێرنەکانی ئەدەب و رەخنە ، و: عوسمان ئەحمەد . چ١، چاپخانەی ژیر : سلێمانی ، ٢٠٠٩ .


### دووەم -سەرچاوە عەرەبییەکان :


الرازی ، محمد بن ابی بکر . مختار الصحاح ،دار الرسالة : کویت ، ١٩٨٣ .

ابن ، منضور . لسان العرب ، ط٤ ، دار صادر : بیروت ، ٢٠٠٠ .

العلوان ، فاروق. اشكالية المنهج الفلسفی فی الخطاب النقدی التشكيلی المعاصر.اطروحة دكتوراه، منشورة، ٢٠٠٢.

عبد العالي ، معزوز. فلسفة الصورة بين الفن و التواصل، أفريقيا الشرق : المغرب، ٢٠١١ .
هارڤي، ديفيد . حالة مابعد الحداثة.ت:محمد شيا، م: د. ناجى نصر و د. حيدر حاج اسماعيل ، المنضمة العربية للترجمة ، ط،١، بيروت ، ٢٠٠٥ .
ا، ا، ريتشاردز. مبادىء النقد ,ت: مصطفى بدوي , القاهرة , المؤسسةالمصرية العامة , ٢٠٠٥ .
اينن ، يوهانس . الدورة الاساسية في الباوهاوس , فنون عربية , ت: وجدان ماهر , م٢, باميكاب للنشر و التوزيع : لندن ، ١٩٨٢.
امهز ، محمود . الفن التشكيلي المعاصر , ط ٢ , دار المثلث : بيروت , ١٩٩٣ .
سبيلا , محمد . الحداثة ومابعدالحداثة , مركز دراسات فلسفة الدين : بغداد .

## سێیەم -سەرچاوە ئینگلیزییەکان :

.(Diggle, K, Guid, to art marketing, hingold, (London
.٢٠١٤ ,Adam, Georgina. The Explosion of the Art Market in the Twenty Century. New York, Farnham
.٢٠١٩.Lehman, K. A. Marketing Orientation and Activities in the ArtsMarketing.
. Tom Wessel Mann-, M. L.-T.).Tom Wessel Mann. New York: tchell-Inness & Nash, ISB

## چوارەم -سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان :

العسيرى ، عبدلله. التسويق فى الفن التشكيلى ، جريده الرياض، عدد١٢٢٣ . ٢٠١٧ص١. www.alriyadh.com
البقاعى ، مرح .كونشرتو البصر . اوب ارت....٢٠٠٥.www.sama.org
ميمون ، نبيلة. القرارات الاستراتيجية لمعنى المزيج التسويقى والعوامل المؤثرة فيها .٢٠٠٤.www.alamin.com
الحجري ، سلمان . استرتيجيات تسويق الفنون العالمية و دورها في التشكيل معاصر .www.ovart.com. ٢٠١٦
. إبراهيم بن الأمير. جواهر . جريده الشرق الاوسط الثلاثاء , ١٣ فبراير ٢٠٢٤ , شعبان ١٤٤٥ ص١ /www.aawsat.com/ taxonomy/term.
٤١٠٦٤٦٩٧/www.jstor.org/stable
www.researchgate.net/publication